# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئۆرگانی کۆمیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

June, 22th,2002 — شەممە ۱۳۸۱/٤/۱ — ژمارەی ٦ — دەورەی تازە


## بەیادی ١٨ پووشپەر ساڵرۆژی ڕاپەرینی دانشجوویی

لە ١٨ پووشپەری ساڵی ۱۳۷۸دا، دانشجووەکان و لاوان و توێژەکانی زەحمەتکێشی کۆمەڵگای ژێر دەستەی ئێران کەش و هەوای ترس و توقاندن و دیکتاتوریان شکاند و دەنگی ئازادیخوازانەی خۆیان بە گوێ هەموو خەڵکی جیهان گەیاند.

ڕاپەرینی دانشجووەکان و سەرجەم توێژەکانی چەوساوە لە ١٨ پووشپەی ساڵی ٧٨ مەترس مەرگ و نەمانی خستە جەستەی ڕێبەرانی سیستەمی داسەپاو و سەرمایەداران و بەکرێگیراوانی ناوخۆ و دەرەوەی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە. بۆیە بەدەس پێ کردنی ئەم جوولانەوەیە کۆمەلانی خەڵکی ڕاپەریو خۆیان لە بەرامبەر هێرش نیزامی و دەزگای سەرکوتگەری هار و دڕندەی سەرمایە دارانی دەسەڵاتدار بینی و هاوکات لە گەڵ ئەم هێرشەدا تەبلیغاتی هیستریکی باڵەکانی ریفورم خواز و ئوپوزیسیونی میللی_مەزهەبی و بەشێکی گەورە لە ڕێکخراو و ئەحزابی بە ڕواڵەت دیمۆکرات و چەپ دژی جوولانەوەی

دانشجووەکان و خەڵکی کریکار و زەحمەتکێش پەرەی سەند و لە ئاوا بارودۆخێك بوو کە ڕیزەکانی ناو کۆمەڵگا بە جوانی دیاری کرا و ڕیزی ئازادیخوازانی ڕاستەقینە و ئەوانەی کە بەرواڵەت و تەنیا بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆیان کە هیچ کات لە قازانج و بەرژەوەندی دەسەڵاتی داسە پاو جیا ناکرێتەوە و لە گرەوی پاراستنی ئەم دەسەڵاتە بە هەر نرخێکە تەنانەت ڕیسوایی زۆر تریان، جیا کراوە و بووە هۆی لاچوونی هەندێك گۆمان لە ناو جوولانەوەی سەربەخۆی خەڵکی ژێر ستەم تاکو لە هێز و توانای ئەوان، باڵەکانی ریفورم خواز و بەکرێگیراوانی بە ڕواڵەت ئازادیخوازیان بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی پلان و بەرنامەکانی دژی شۆرش و بەرژەوەندی خەڵکی چەوساوە کەڵك وەرنگرن. لە مەودای ئەم ڕاپەرینەدا بوو کە خەڵك چاویان بەسەر هەموو ڕاستیەکان و ڕەوتەکانی کۆمەڵگا کراوە و پەردەکانی گۆمان و خەیاڵ بە نیسبەت ڕەوتی بەشدار لە دەسەڵات و هەموو جینایەتەکانی واتە ٢ جۆزەردانی و ریفورمەکانی ئەوان لابرا. جوولانەوەی دانشجوویی سەرەڕای ئەمەی کە لە



دیدیکی گشتی ، جوولانێکی بەرەوپیش بوو و لە کەمترین حاڵدا توانی هێزی کینە و ئیرادەی خەڵکی چەوساوە لە دانشجوو و قوتابی و لاو وکرێکار و زەحمەتکێش بە باشی بۆ دەستەڵاتداران ولایەنگرانی سیستەمی داسەپاو نیشان بدات، بەڵام ئەمە ڕاستێکە کە هەتاکو جوولانەوەی خەڵکی نەتوانی داخوازیەکانی سەربەخۆی هەبێ و جوولانەوەی نارەزایی ئەوان لە ڕێکخستن بەهرەمەند نەبێ ئەم چەشنە دەربرینی نارەزایەتیە، بەربەست دەبێتە جوولانەوەیکی کاتی و زۆر ئاسان لە لایەن هێزی سەرکوتگەر سەرکوت دەکری و لە لایەن هێزەکانی بەکرێگیراوی ←


**بەشی چوارەمی بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەڕاست لەم سەدەیە**

**لاپەرەی ٢و٣**

**کۆیلەداری مودیرن**

**لاپەرەی ٤**

**یادی هاوڕێ شەهیدی فیدایی ((سەعید سوڵتانپوور))**

**لاپەرەی ٥**

**بەرابەری لە فەرهەنگی سوسیال دیمۆکراسی**

**لاپەرەی ٦**

**ووشەی سیاسی**

**لاپەرەی ٧**




# کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

دەسەلاَت بەلاریَ دەبردری ناتوانی بەردەوام خەریَکی پەرەساندن بیَت و بە دوای سەرکوتی ئەم جوولانەوەیە دا هەتاکو ماوەیَکی دیاری نەکراو کاریگەری خراپی خوَی بە سەر جوولانەوەی گشتی خەلّك بەجیَ دیَلیَ. هەربوَیە دانشجووەکان، قوتابیان و لاوان و تویَژی رووشنبیری کوَمەلّگا دەبیَ تیَ بگەن کە داخوازیەکانیان لە گەلَ داخوازی چین و تویَژەکانی تری چەوساوەی ئیَران واتە کریَکاران و زەحمەتکیَشانە کە جوولانەوەی دانشجوویی و سەرجەم قوتابیان و لاوان دەتوانیَ بە هیَزتر بیَت و پەیوەندی پتەو لەگەلَ ئەوان دامەزریَنیَ و لەو کاتە دایە کە داخوازیەکان سەربەخوَ دەبن، جوولانەوە بەردەوام دەبیَ و لە پشتیوانی هیزیکی گەورەی کوَمەلاَیەتی واتە هیَزی کریَکاران و زەحمەتکیشان بەهرەمەند دەبیَ و ئاسوی سەرکەوتن نیزیك و نیَزیکتر دەبیَ.

شاهین

## (( بەشی چوارەمی بەریوەبردنی بریارەکانی سەدەی ناوەراست لەم سەدەیەدا ))

### پەیوەندی لە گەلَ دونیای روَژ ئاوا و بابەتی مافی مروَڤ

شوَرشی دژی ئیمپریالیستی و دیموکراتیَکی خەلّکی ئیَران هیَرشی خوَی دژی دیکتاتوَری وریَککەوتنەکانی ئیمپریالیستی دەستی پیَ کرد و خوازیاری گەشە و پەرەسەندنی سەنعەت و بەرهەم هیَنانی ناوخوَیی و کونتروَلّی بازاری ناو خوَیی بوو. ریَژیمی کوَماری ئیسلامی جم و جولَ و دروَشمەکانی بە پیَ ئەساسی بەلاریَ بردنی شوَرش و سەرکوتی بنیاتەکانی دیموکراتیك و هیَزەکانی شوَرشگیَر جیَ بەجیَ کرد. بە پیَ سیاسەتی ناوخوَیی دروشمەکانی سیاسەتی دەرەوەی دا رشت. ئەمریکای شەیتانی گەورە و بەهیَرش بردنە سەر بالّویَز خانەی ئەمریکا، دروشمی مەرگ بوَ ئەمریکای کردە ئەساسی سیاسەتی دەرەوەی خوَی. لەگەلَ هەلّویَست گرتنی دژی سەلمان روشدی و کتیَبەکەی و دانانی پاداش بوَ لە ناو بردنی ئەو، سیاسەتی دژی بیرو بوَ چوونی بوَ موسلّمانانی جیهان نیشان دا. لە گەلَ قەیرانی پەرە ئەستینەری شەر و سەرکوتی هیَزەکانی شوَرشگیَر، دیتر دروشمەکانی مەرگ بوَ ئەمریکا و ......کاریگەری خوَی لە سەرکوتی ناوخوَیی لە دەست دا و بوون بە ئامرازی بالّەکان لە بەرامبەر یەکتردا.

سەرەرای ئەمە سەبارەت بەسیاسەتی دەرەوەی سەرکەتوو بوو لە هەندیَك ریَککەوتنامەی کاتی. ئالاَی ئەمریکای لە ژیَر پیَ پاسدارەکان کوَ کرد و دروَشمی مەرگ بوَ ئەمریکای کەم رەنگ و لەدروَشمەکانی ئەساسی خوَی وەلانا. پەرە پیَدانی وت و ویَژەکانی نهیَنی لە گەلَ ئەمریکای لە دەستوری کاری خوَی دانا.

ریَژیم بەرنامەکانی خوَی لە سەر ئەساسی پەیوەندی راستە و خوَ لە گەلَ وَلاَتانی سەرمایەداری ئوروپایی دانا و خوازیاری پەرەپیَدان و باشتر کردنی پەیوەندی ئابووری بوو و هەندیَك یاسای لەم بوارە دا پەسەند کرد . هەندیَك راسپاردەی بوَ ولاتانی ئوروپایی رەوانەکرد و موژدەی ئالَ و گوَری گشتی لە بەرنامە و پیَك هاتی حکومەتی لە داهاتووی نیَزیك دا. ولاَتانی ئوروپایی بوَ پەرە پیَدانی پەیوەندی ئابووری و سیاسی لە گەلَ گرفتی بوَ چوونی گشتی کوَمەلّگاکان خوَیان لە بارودوَخی مافی مروَڤ لە ئیَران رووبەروو بوون. مافی مروَڤ لە کوَمەلّگاکانی روَژ ئاوا بابەتیَکی ئاشنا و هەروەها زوَر ئالّوَزە و لە نیَوان بوَ چوونی گشتی لە گرنگی تایبەتی بەهرەمەندە. بە شیَوەی کە دەسەلاَتداران بوَ گەیشتن بە ئامانج و قازانجی خوَیان لە بەرنامەکانی هەلّبژارد نەکان لە مافی مروَڤ وەك ئامرازیَك کەلّك وەردەگرن. بەم شیَوە بابەتی مافی مروَڤ هەندیَك جار یەکیَك لە بابەتە گرنگەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ولاَتانی روَژ ئاوا دەژمیَردریَ و ولاَتانی روَژئاوا مەجبور بە وەلامدانەوەی بوَ چوونی گشتی دەکات. حکوومەتی مەزهەبی ئیَران لەگەلَ سەرکوتی سەدەکانی ناوەراست و پیَشیل کردنی مافی مروَڤ بابەتیَکی گەورە لە سەر بوَ چوونی گشتی دونیای روَژئاوا خوَلّقاندوە و پاساو دانی کردەوەی ئەو بوَ ولاَتانی روَژئاوا سەخت نیشان دەدا. ولاَتانی روَژ ئاوا بەسەرنج دان بەم بابەتە خوازیاری گوَرانکاری لە بارودوَخی مافی مروَڤ لە ئیَران بوون. سەرکردەکانی کوَماری ئیسلامی لە گەلَ ئاشنا بوون لە دەسەلاَتدارانی ولاتانی سەرمایەداری وت و ویَژەکانی پشتی پەردەیان پەرەپیَدا و بوَ تیَ پەرین لەم گرفتە ریَگای دریَژە پیَ دان بە وت و ویَژەکانی نهیَنی وراستە و خوَیان پیَشنیار کرد. لە گەلَ ئاشکرابوونی وت وویَژە نهینیەکان ریسوائیَکی نیَونەتەوەیی بوَ سەرمایەداری روَژئاوا لە گەلَ خوَی هیَنا. بە پیَ وتەکانی هاشمی رەفسنجانی یەکیَك لە ریَبەرانی دەسەلاَتداری کوَماری ئیسلامی، گرفتی دەسەلاَتداری روَژئاوا سەبارەت بە مافی مروَڤ زەحتی بوَ چوونی گشتییە نەك خواستی ئەوان، روَژ ئاوایەکان دەلّین گرفتی مافی مروَڤ لە ئیَران بە شیَوەیَك چارە سەربکەن کە شیاوی پاساو دان بوَ بوَچوونی گشتی بیَت. بە پیَ وتەکانی هاشمی دەتوانین ئەم ئاکامەی خوارەوە وە دەست بیَنین .

**یەکەم بکوژە و لە ناو ببە، دووهەم بلیَ دوو پات نابیَتەوە.**

### ٣- نوژەن کردنی ئابووری و پەیوەندی لەگەلَ ولاَتانی سەرمایەداری روَژئاوا.

سەرەرای فراوانی ویَرانیەکانی شەری دواکەوتووانە و بیَ هیَزی ریَژیم لە نوژەن کردن و نەبوونی پلان و بەرنامەی دیاریکراو، ریَژیمی ناچار کرد لە سەر پەیوەندیەکانی دەرەوەی پیَداچوونەی بیَت و روو بکاتە ولاَتانی روَژئاوا. خوازیاری پەیوەندی راستە وخوَ و بەر بلاَو لە گەلَ ولاَتانی روَژ ئاوا بوو و هەروەها وت و ویَژی نهیَنی لە گەلَ ئەمریکای لە دەستوری کاری خوَی دانا. بە وت و ویَژ لە گەلَ سەندووقی نیَودەولّەتی دراو و بانکی جیهانی بوَ وەدەست هیَنانی قەرز و قبول کردنی

مەرج وبەرنامەكانی ئەوان پەیوەندی خۆی پەرەپێدا.لە گەڵ بانكەكانی ئوروپایی كوتە وت و وێز كردن .بە گۆرینی سیاسەتی دەرەوەی لە درۆشمەكان و رۆڵی نەوتی خاوی ناردنەوە لە گەڵ ولاتانی ئەندامی ئۆپێك بەتایبەتی عەرەبستان و كوێت چووە قۆناغی پەیوەندی باش لە گەڵ ئەواندا، لە گەڵ كۆمپانیاكانی كریاری نێونەتەوەیی نەوت دەستی دایە وت و وێز كردن .

### ٤- بەرگری لە جووڵانەوەی كۆمەلایەتی وسەركوتی ئەوان.

گرینگترین فاكتەر لە هاوسەنگی سیاسی ئێران نارەزایەتی و جووڵانەوەكانی كۆمەلایەتی بووە و هەر بۆیە سەركوتی جووڵانەوە كۆمەلایەتیەكان لە گرینگیكی تایبەتی بەهرەمەند زۆربەی هێزەكانی بەشدار بوو لە شەری دواكەوتووانەی، كۆمەلانی مەزهەبی لایەنگری كۆماری ئیسلامی بوون، بەبوونی هەل و مەرجی گرانی و قەیران و نەبوونی وەلام بۆ داخوازیەكانی ئەوان جیابوونەوەیان لە دەسەلاتی بە هێز و جووڵانەوەی نارەزایەتی ئەم گرۆپە و تەنانەت هێزەكانی نیزامیش لە بەر دەگرێ. رێژیم بە ئاشنا بوونی لە گەڵ ئاوا باروودۆخێك بەرنامەی كاتی نە شەر و نە ئاشتی یان بەشێوەی خوارەوە دارشت .

### ئەلف- كۆنترۆڵی جووڵانەوەی نارەزایەتی نارازیەكان لە بارو دۆخی كۆمەلایەتی و ئابووری دوای شەر.

زۆربەی لایەنگرانی رێژیم كە لە مەودای شەر زیانیان پێ گەیشتە بوو كەس و كاریان فەوتا بوو ویان كەم ئەندام و یان دیل كرا بوون، رێژیم ئەمانەی خستەی ژێر چەتری بنیات و دامەزراوەكانی جۆراو جۆر وەك بنیاتی شەهید و موستەزعەفان و جانبازان. هەندێكیانی لە ناو هێزەكانی نیزامی و ئینتزامی و بەسیج كۆ كرد وهەندێكی تریان بە بورسیەكانی پەروە ردە و پەروەردە كردنی بەرز و دەزگاكانی حكوومی و دامەزراوەكانی پەیوەندی دار لە گەڵ رێژیم مەشغول كرد و ئەم هێزانەی لە جەستەی رێژیم راگرت.

### ب- جووڵانەوەی نارەزایەتی نارازیەكان.

زۆرتر لە دوو ملیون ئاوارەی شەر و ماڵ وێران بووەكان لە ئاكامی بۆردمانەكان و......... گرفتێكی سەرەكی بۆ رێژیم دەژمێردرا. ئەو ئاوارانەی كە بە رەنجی دەربەدەری تووش بوون و لەگەڵ فەرهەنگی تەبلیغاتی دواكەوتووانەی رێژیم لە ناوچە جۆرواجۆرەكان لە رێژیم دوور دەكەوتنەوە و دەبوون بە مەركەزی قەیران دژ بە رێژیم. جووڵانەوەكانی نارەزایەتی ئاوارەكانی شەرِ رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی دەگرت.لە لایكی دیكەوە رێژیم لە گەڵ گرفتی نوژەن كردنی فێرگەكان و دامەزراوە دەوڵەتیەكان و . . . رووبەرو بوو. كۆماری ئیسلامی ناچار بە وەلاّم دانەوەی گرفتی ئاوارەكانی شەرِ و ئەو كەسانەی كە لە ناوچەكانی شەرِ زیانیان پێ گەیشتبوو هەبوو، ستادێك بۆ نوژەن كردنی ناوچەكانی شەر دامەزراند وهەندێك لە گرفتی جێگیر كردنی ئاوارەكان لە رێگای قەرزی بانكی چارەسەر كرد. ئاسەوارەكانی شەر كۆمەڵگای سەقەت كردە بوو زۆربەی سەنعەت و كارخانەكان وێران بوون وسەنعەتەكانی نەوت زیانی گشتی پێ كەوتبوو بێكاری و هەژاری سێبەری نەگبەت باری خۆی بەسەر هەموو زەحمەتكێشان داخستبوو. كشتوكاڵیش بەرەو لە ناو چوون دەچوو زۆربەی زەویەكانی كشتوكاڵی لە ناو چوو بوو یان ببوونە گۆرەپانی شەرِ. شەبەكەكانی ئاودێری و ئاوگەیاندن زیانی گشتیان لێ كەوتبوو و كۆنترۆڵی ئاوەكانی سەر زەوی لە بیر چوو بوو. هێزەكانی بەرهەم هێنەر لە خزمەتی شەرِ دانرا بوون. گرفتی ئابووری و ئەبوونی سەرمایەدانان لە بەشی سەنعەت و كشت وكاڵ پەرەی بە بابەتی بێكاری دا و تووشی قەیرانی بێ چارە سەری بێكاری كرد.

### پ- سەركوتی بەرهەلەستكارەكان.

ئەساسی‌ترین بەرنامەی رێژیم رێكخستنی هێزە كانی سەركوت كەر بوو و زۆربەی ئیمكاناتی لە خزمەت ماشینی سەركوت دانا . لەمەودای شەرِ توانی زەبری ئەساسی بداتە رێكخراوەكانی شۆرشگێر ودامەزراوە و بلاوكراوەكانی خەلكی و دیمۆكرات . و لە گەڵ ئەمەی كە رێژیم توانی رێكخراوە شۆرشگێرەكان سەركوت و لە گۆرەپانی جووڵانەوەی سیاسی كۆمەلگا دوور بخات بە سەرنج دان بە ئەزموونی رووخانی دیكتاتۆری شا و ئەگەری بەرز بوونەوەی نارەزایەتی خەلكی و پەرەسەندنی پاشماوەی رەوتە شۆرشگێرەكان و رۆڵی ئەوان لە بزووتنەوەی خەلكی رێژیمی ناچار كرد تاكو بە كۆكردنی زانیاری سەبارەت بە ئەندامانی چالاكی سیاسی و لەناو بردنی هەموو بەرهەلەستكاران و پاكتاوكردنی بەندیخانەكان لە سەرەوەی بەرنامەكانی خۆی دانا .

پێوستە روانگەكان ورۆڵی باڵەكانی رێژیم بە شێوەیكی گشتی پێداچوونەوی لە سەر بكەین.لە رێژیمی كۆماری ئیسلامی بەگشتی تیوری و ئایدۆلۆژی لە لایەن ئەم باڵە دادەرێژدرێ و شی دەكرێتەوە وئامرازی رێبەری ئایدۆلۆژیك لە دەستی ئەم باڵەیە.

ئەم باڵە پێك هاتەكانی رۆحانیەتی موبارێز، هەئیەتی موئتەلیفە، حەوزەكانی عیلمیە و زانكۆی ئیمام سادق و. . . لە دەستی دایە.

لە گەڵ ئەنجوومەنی حوجەتیە پێوەندی هەیە و لە ئەسڵ دا بەرێوەبەری سیاسەتەكانی ئەنجوومەنە. ئەم باڵە توانیویە ئامرازە بە هێزەكان وەك رێبەری، شووڕای پاراستنی یاسای ئەساسی، مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری، رێكخستنەكانی هێزی بریاردەر، حاكیمە شەرعەكان، ترییونەكانی نوێژی

جومعە، هێزی ئینتزامی و دادستانی ئیوین، بنیانەکانی جۆراو جۆری بەرێوبەری هەندێك لە بەندینخانەکان لە دەستی دابوو. ئەم باڵە بەپاڵ پشتی ئایدولۆژی مەزهەبی خوازیاری بەرێوە بردنی یاسا و بریارەکانی ئیسلامی بووە وپێشنیارەکانی قەساس و یاساکانی شەرعی داوە و پەسەندکردووە و خوازیاری بەرێوەبردنی ئەوان بەبێ کەم و کوڕی بوو. پێداچوونەوە و گوّمان لە ئیعدام بە هەر شێوازێك بە کوفر زانیوە و ئەوانەی کە گوّمانیان هەبووە وەك لادەر و بریاری لە ناو بردنیان بە پێویست زانیوە و خوازیاری دەس بەسەر داگرتنی سامانی ئەوانەیە .

خەڵکی وەك ئومەت (پلەی دووهەم) زانیوە و لە سیاسەتی رێبەری و بەرێوەبردنی کۆمەڵگا رۆڵێك بۆیان دانانێ. بە پێروی کردن لە دروشمی سیاسەتی ئێمە وەك دینداری ئێمەیە، کەش و هەوای کۆمەڵگای بە تەواوی مەزهەبی ، بیر و بۆچوون و جووڵانەوەی سیاسی بە پێچەوانەی بریارەکانی ئیسلامی (فیقهی) بەتووندی رت دەکاتەوە وخوازیاری هەڵویستی توند و سەرکوتی بێ بەزەییانەو لە ناوبردنی فیزیکی بەر هەلەستکاران و رەخنەگرانی حکومەتە. دژایەتی هەیە لە گەڵ هەرچەشنە ئازادی بیرو را و قسەکردن . بۆ بەرهەڵستکارانی مافی ژیان دانانێ و لایەنگری سیاسەتی تەوبەکاری و بەرێوەبردنی موقابیلەکانی تەلەفزیوّنی و فیدیویی تەوبە کردن ولایەنگری لە رژیم لە پێش چاو خەڵك بۆ خولْقاندنی ترس و هەراس و بێ ناو نیشان کردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەڵستکارانی رێژیمە. لە گەڵ بەشدار بوونی تەوبەکارەکان لە ئیعدام کردنی هاوسەنگەرانی پێشوویان ئەوانیان بە تەواوی پووچەڵ دەکەن و دیلکراوەکان لە بەرانبەری یەك دادەنێن.

((بەشی پێنجەم لە ژمارەی داهاتوو))



لـە دونیای ئەمرۆدا کە لە ژێر دەسەلاتی سـەرمایە و پەیوەندیـەکانی بورژوائیـە، سـەرەرای نەعمەت وسامان و بەرهەمی فراوان، ئاسودەئی و کـرامەتی مـرۆڤەکان شـتێکە کـە زۆر بەدەگمەن دەبیندرێـت و هـەژاری و ژێردەسـتە بوونـی مرۆڤەکان یاسایێکی گشتیە. نابەرابەری ئابووری_ کۆمەلآیـەتی لـەم سیستەمەدا بووتە بنەماکانی پێك هـاتی ئـەم دەورانـە وهـەر ئێستا زۆر تر لە هەر دەورائیکی دیکەی مێژوودا، دولێکی قوول لە بێ عەدالـــەتی، کەمایەتـــێکی چەوســـێنەری لـــە زۆرینەێکی کوێلەکانی جیا کردووتەوە.

گۆشـەێك لـەم نابەرابەریانـە کـە سـەری داوتـە ئاسـمان بـە زمـانی ژمارەکـان بەشـێوەی خوارەوەیە:

دوو سەد و پەنجا سەرمایەداری مەزنی جیهان خاوەن دارائیکی زۆرتر لە ١٠٠٠ ملیارد دۆلارن کە بەرامبەرە لەگەڵ داهاتی ساڵانەی ٢,٥ ملیارد مرۆڤی کریکارو زەحمەتکێش .دارایی ١٥ کەس لە دەوڵەمەندترین کەسانی دونیا، زۆرترە لە بەرهەمی پەتی میللی سەرجەم ولاتانی ئەفریقیای باشوور، کینیا، ئەتیوپی، زامبیا، تانزانیا، ئانگولا، بووتسوانا، زیمبابوە، موزامبیك و نامیبیا.ئەم گۆمانە کە بەرێوەبەرانی سیستەمی دواکەو توانەی جیهانی ولایەنگرانی نیئو لیبرالیزم بۆ هاولاتیانی خۆیان جۆرەێکی ئاسوودەیی و خۆشبەختی بە دیاری هێناون، جگە لە درۆ و گۆمان شتێکی دیکە نیە.وەك نموونە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە دەسەلاتی سیاسی، ئابووری، نیزامی، تەکنولۆژێك و فەرهەنگی خۆی بەسەر جیهاندا بلاوکردووتەوە، سەرەتائیترین ئیمکاناتی تەندروستی و دەرمانی لە ٤٠ ملیون مرۆڤی گرتووە، ٤٥ ملیون هاولاتی ئەمریکی لە ژێر خەتی هەژاری ژیان بەسەر دەبن و ٥٢ ملیون کەس لە خزمەتەکانی پەروەردەکردن و لەتوانای خوێندن و نووسین بێ بەشن. لە ولاتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپایش، ئەحزابی سوسیال دیموکرات وەك هێزەکانی راست و پاوانخوازی هاوچەرخ، دیمەنێکی ٥ ولاتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپایش، ئەحزابی سوسیال دیموکرات وەك هێزەکانی راست و پاوانخوازی هاوچەرخ، دیمەنێکی جوانتریان نەخستووەتە بەرچاوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی .

بـێکار بوونـی ١٨ ملـیون کـرێکار و هـەژاری و بـێ بەشی زۆرتر لە ٥٠ ملیون مرۆڤ لەم ولاتانە ئەم راستیە دەسەلمێنێ.

لە ئاوا باردو دۆخێك دا، خەبات بۆ کۆمەلگایێك بە بێ زۆڵم و دەس درێژی و جیاوازی چینایەتی، بە پێچەوانەی درۆ و دەلەسەکانی بۆرژوازی و بەکرێگیراوانی، نەك کارێکی بێ ئاکام نیە بەڵکو ئەرکی هەموو مرۆڤەکانی تێ گەیشتو و ئازادی خوازە.

**هەر کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانی کاتێك کە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا ناچار دەبێ لە مافەکان وئاستی ژیان و گۆزەرانی خۆی لە بەرانبەر هێرشی بەردەوامی چەوسینەران دیفاع بکات ، بە شێوەیکی زۆر ئاشکرا خۆی لە بەرانبەر دەزگای زۆڵم و زورێك دەبینێ کە بە ئایدولۆژی ئیسلامی داپۆشراوە و تێ دەگات کە سیستەمی سەرمایەداری ئێران ، دەوڵەت و هەموو پەیوەندیەکانی ئەو ئۆرگانی سەرروەری و هۆی مانەوە و دووپات بوونەوەی سیستەمی**

# بەرز و بەرێز بیت یادی

# هاوریٚ شەهیدی فیدایی

# سەعید سوڵتانپوور.

١ ساڵ لەمەو بەر ریژێمی کۆنە پەرست و دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی شاعیری شۆرشگێر و مەزنی خەڵکی چەوساوەی ئێران، هاوریٚ فیدایی سەعید سولتانپوری دایە بەر دەستەی ئیعدام و دڵی پر لە عەشق و هەستی شۆرشگیرانەی ئەم هاوریەی بەگوللەی رق و کینەی دژی ئینسانی و شۆرشی پێکا. رێژیمی هار و دژی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی توانی بوونی فیزیکی ئەم هاورێە لە ناو ببات بەلاٌم نەتوانی ناوی سەعید وەك شاعیری مەزنی شۆرشگێر لە بیری ملیونەها مرۆڤی چەوساوە لاببات ئیستاش شیعری پر لە هەستی شۆرشگیرانەی سەعید بەناوی بەسەر ولاٌتەکەم چی هاتووە، وە بیر هێنەری قۆناغیکی لە خەبات و بەرگری پر لە شانازی ئەو خەڵکە چەوساوەیە کە سەعید هەردەم لە یادی ئەواندا زیندووە. ئەو هونەرەی کە سەعید باسی لیٚ دەکرد زۆر جیاوازی بوو لە گەڵ هونەری بیٚ پەیٚوەند لەگەڵ شیٚوەی بیر کردنەوەی شۆرشگێرانەی سەعید ئەم پەیٚوەندیە پێویستە وهۆکارانەیە لە نیٚوان هونەری شۆرشگیرانە و شیٚوەی بیر کردنەوەی شۆرشگێرانە دامەزراندە بوو و قەت لە یەکتر جیایان نەدەکرد و



فیدایی شەهید سەعید سوڵتانپور

ئەمەش رەمزی سەرکەوتنی ئەم هونەرمەندە شۆرشگێرە بوو لە پەیٚوەندی لە گەڵ کۆمەلاٌنی خەڵك. سەعید هونەرمەندێك بوو کە سەرەرای دەربرین ونیشان دانی دەرد و رەنجی گیرودەی خەڵکی ژێر ستەم، رێگا چارە سەریەکا نیش بەباشی نیشان دەدا و خوٚیشی بە کردەوە و بە فیداکردنی گیانی باوەری پتەوی بە شیٚوەی بیرکردنەوە و هونەری شۆرشگێرانە و پەیوەندی حەتمی ئەم دوو بابەتە و هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکانی کۆ مەلایەتی سەلماند. خوێنی سەعید و هەزاران فیدایی لە خوێن خەوتوو هەروا کە سەعید وتی (( چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار. داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار)) بووەتە ئالاو ناسنامەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و لە داهاتوودا خوێنی سەعید و هەزاران هاوریٚ فیدایی دەبێتە ئامرازی تۆڵە سەندنەوە ودەربرینی کینەی پیٚرۆزی ئەوان.و هاواری بەرزیان خەون لە چاوانی چەوسیٚنەران و بەکرێگیراوانیان دەستیٚنیٚ و لە رۆژ هەلاٌت تا رۆژ ئاوا و لە باکوور تا باشووری ولاٌت کینەی پیٚرۆزی ئەوان چەوسینەران و بەکرێگیراوانیان و هەموو پەیٚوەندیەکانی کۆن و گەندەڵی ئەم سیستەمە رزیوە دەپیٚکیٚ.

یادی بەرێز وریٚگای پر لە ریٚبوار

**چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار،**

**داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار .**



## بەرابەری لە فەرهەنگی سوسیال دیمۆکراسی ١ کاترمێر = ٦٤ ساڵ

بڵاو کراوەی کاپیتاڵ لە ساڵی ٢٠٠١ لیستەیێك لە گەورەترین سەرمایە دارەکانی وڵاتی فەرەنسا کە دوای هەڵوەشانی ئوردوگای رۆژهەڵات بووتە قیبلەی نوێ سوسیال دیمۆکراتەکانی ئێرانی، چاپ کرد . بە پێی ئەم لیستە، بەرنارد ئارنو خاوەن ٨٩ ملیارد فرانك دارایی لە نێوان تاڵان چیەکانی فەرانسی پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

مارتین بویگ و فەرانسوا پینو هەر کامیان بە دارائیێکی ٨٤ ملیارد فرانکی توزێك لە ئارنو هەژارترن. هەڵبەت ئارنوی چارەرەشیش لە ساڵی ١٩٩٨ تەنیا ١٥ ملیارد فرانك دارایی هەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٨ تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ لە ژێر سێبەری سوسیال دیمۆکراسی فەرنسا زۆرتر لە هەموو کاتێکی تر لە نەعمەتەکانی ئازادی و عەدالەتی بۆرژوائی بەهرەمەند بوو و توانی ٧٤ ملیارد فرانکی تر بە داراتی خۆی زیاد بکات.

هەڵبەت لە مەودای ئەم دووساڵە ولە بەرامبەر ئەم کۆ کردنەوەی سەرسوور هێنەری دارائیە، ملیونەها کرێکاری فەرانسیش لە پاداشەکانی دەسەڵاتداری بەرابەری خوازانەی سوسیال دیمۆکراتەکان بێ بەش نەماون ولە هەژاریدا ٠,٢ لە سەدێکی تر لە توانای کرینیان لە دەست داوە !بڵاو کراوەی مانگانەی لوموندی دیپلوماتیکیش سەرەرای راگەیاندنی ئەم بابەتە و بۆ ئەوەی کە لە بێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری فەرنسا وینەیکی روون تر بە دەستەوە بدات، دەنووسێ: لە دوو ساڵی رابردوودا ئارنو لە هەر کاتژمێر (و هەروا لە کاتێك کە لە حاڵی خەوتن بوو و خەونی خۆش دەبینی) بەرادەی ٦٤ ساڵی حەق دەستی کرێکارێکی سادەی فەرانسی، بە دارایی خۆی زیاد کردووە .

ئایا واژەی بەرابەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە فەرهەنگی سوسیال دیمۆکراسی ئێرانی شتێك باشتر لە مانای فەرانسی ئەوە !؟

**سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بە رەسمی دەناسی کە لەوێدا سنوورەکان مانایان نیە .**

**ئێمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکانین وەك کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، نەك لە رێگای زەبر و زەنگ ، بەڵکو لە سەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد .**

**کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران کە لە یەکیەتی دڵخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکان ، نەتەوەکان و کەلتورەکانی جۆراوجۆر پێك دێت ، مافی دیاری کردنی چارە نووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆیی تەواو بە**

## ووشەی سیاسی

ئیمپریالیزم (Imperialisme)

ئیمپریالیزم بەرزترین وئاخیر قۆناغی سەرمایە داریە. ئەم قۆناغە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست دەستی پێ کردووە.

دارشتنی سەبارەت بە ئیمپریالیزم و شی کردنەوەی و لێکدانەوەی تایبەتمەندیەکانی رایەن ویلادیمیر ئیلیچ لینین رووی‌دا. ولینین لە پێنج تایبەتمەندی ئەساسی خوارەوە بوناساندی ئیمپریالیزم ناودەبا.

١– کۆبوون و خربوونی بەرهەم وسەرمایە بووتە هوی هاتنی پاوانخوازەکان (مونوپولەکان) پاوانخوازەکان لەم قۆناغە رۆڵی یەك جار بەر چاو دەبینن لە ژیانی ئابووری.

٢– تێکەڵ بوونی سەرمایەی بانکی و سەرمایەی سەنعەتی دەبێتە هۆی پێك هاتنی سەرمایەی ماڵی و ئەلیگارشی ماڵی.

٣– ناردنی سەرمایە بەجێگای ناردنی کەرەستە گرنگی تایبەت بەدەست دێنی.

٤– پێك هاتنی یەکیە تی ، و رێککەوتنەکانی پاوانخوازی سەرمایە دارەکان، ئەم یەکیەتیانە وەك کارتلەکان، تراستەکان و کونسرسیومەکان جیهانیان لە بواری ئابووری لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن.

٥– کۆتایی دابەش کردنی ناوچە یی وڵاتانی جیهان لە نێوان گەورەترین ودەوڵەمەندترین دەوڵەتەکانی سەرمایە داری

←

ودست پێ کردنی سەر لەنوێ دابەش کردنیان.ئەساسی ئابووری و ناوەڕۆکی تایبەتی ئیمپریالیزم بریتیە لە دەسەلاتداری پاوانخوازیەکان ، پاوانخوازیەکان لە بەشەکانی جۆراوجۆر، بەتەواوی و هەموولایەنە، ئابووری و سیاسەتی گەورەترین ولاتانی سەرمایەداری لە ژێر ڕەکیفی خۆیان دەگرن وکێ برکێ ئازاد لە ناودەچێ.

سەروەری پاوانخوازیەکان لە ژیانی ئابووری لە گەڵ ڕخنە ودەسەلاتی هەر ڕۆژ زۆرتری ئەوان لە بواری سیاسی بەرێوەدەچێ کە دەزگای دەولە تی دەباتە ژێر ڕەکیفی خۆی و بەرژەوەندیەکانی خۆی بەسەر ئەو دادەسە پێنێ. لەم قۆناغەی سەرمایە داری‌دا، پاوانخوازیەکان دەبنە هێزی سەرەکی لە هەموو کاروبارەکان. ووشەی ئیمپریالیزمیش لە ووشەی لاتینی ئیمپریو (Imperiu) بەمانای ئمپراتوری هاتووە. لەم قۆناغەدا بلاوبوونی کەم و زۆری دەورانی سەرمایەداری لە سەرانسەری دونیا جێگای خۆی داوەتەپەرەسەندنی یکجاری و چارەرەشی. ئەمە بووە هوێ زۆر توند بوونی بێ وێنەی هەموو دژایەتیەکانی سەرمایەداری واتە دژایەتیەکانی ئابووری، سیاسی، چینایەتی و نەتەوەیەتی. ململانی دەولەتانی ئیمپریالیستی لە سەر بازاری فرۆشتن و شوینەکانی سەرمایەدانان و بەدەست هێنانی مەوادی خاو و هێزی کاری هەرزان و بەدەست هێنانی دەسەلاتی جیهانی، بەشێوەیکی بێ وێنە پەرەی سەندووە کە لە دەورانە کانی دەسەلاتداری بێ ئەم و ئەو لای ئیمپریالیزم ، ئیمپریالیزم بەمەجبوری روو دەکاتە شەرەکانی ماڵ وێران کەر.ئیمپریالیزم لەهەمان حالێدا قۆناغی لە ناو چوونی سەرمایەداری، قۆناغی زێرین ومەرگی ئەوە. لەم قۆناغەدا، لە سەرجەم سیستەمی جیهانی سەرمایەداری، هەل و مەرج بۆ شۆرشی کۆمە لایە تی پرولەتاریا ئامادە دەبێت. دژایەتی لە نێوان کار و سەرمایە، دژایەتی لە نێوان دەولەتەکانی ئیمپریالیستی و ولاتانی سەر بە ئەوان وموستعمەرە توندتر دەبێ.

بوونی سیستەمی جیهانی سوسیالیستیش بووە هۆی توندبوونی ئەم سێ دژایەتیە. ئاشکرایە کەتووندبوونی دژایە تیەکان و رزیوی ناوە ڕۆکی ئیمپریالیزم بەمانای ڕاوەستان وبێ دەسەلاتی بەتەواوی سەرمایە داری نیە. لینین دەنووسێ :

هەڵەیە ئەگەر وابزانین کە لە ناو چوون و رزینی کە سەرمایە داری بەرەو لای دەچێ بە پیچەوانەی پەسەرندنی خێرای سەرمایە داریە".

دژایەتیەکانی ئیمپریالیزم بووتە هوێ خێرا بوونی پروسەی گۆرینی سەمایە داری پاوانخواز بۆ سەرمایەداریپاوانخوازی دەولەتی.ئەم شێوەیە لە هەمان کاتدا کە سەروەری پاوانخوایەکان بەسەر ژیانی خەلك بە هێزدەکات ، هێزی پاوانخوازیەکان لە گەل هێزی دەولەت لە یەك دەزگا یەکگرتوو دەکات تاکو لانی زۆری قازانج بۆ بورژوازی دابین بێت وسیستەمی سەرمایەداری پارێزراو بێت. بەلام نە ئەم شێوەیە، نە نیزامی کردنی وەزعی کۆمەلایەتی وئابووری ولات ونە ئەنتگراسیون (واتە تیکەل کردن ویەك گرتن و دامەزرانی رێکخراوەکانی نوێ ی سەرەوەی نەتەوە یی، سیاسی وئابووری بەمەبەستی یەکگرتنی. دەولەتەکان وپاوانخوازیەکانی سەرمایە داری) ناتوانی کۆلەکەکانی رزیویی سەرمایە داری راگرێ. پەرەسەندنی بەرهەم هێنان لە هندێك لە ولاتانی سەرمایەداری هەرگیز نەیتوانیوە بەر لە توند بوونی دژایەتیەکانی نەتەوەیی و نیو نەتەوەیی سەرمایە داری بگرێ.

لە حالێکدا قازانج و سەرەوەی قازانجی پاوانخوازیەکان زۆرتر دەبێ، ئوتوماسیون (کەلك وەرگرتن لە ئامرازەکانی ئوتوماتیکی لە بەرهەم هێنان) لە هەلە مەرجی سەرمایە داری دەرد و رەنجی نوێ بۆ زەحمەتکێشان بەدیاری دێنی.

سەروەری پاوانخوازیەکان نەتەنیا دژی کرێکاران وجووتیاران وزەحمەتکێشانی ترە بەلکو بۆ بەرژەوەندی و قازانجی توێژەکانی بورژوازی بچوك و مامناوەندی پێویستە . راستیە کان ، پووچەل بوونی تیئوریەکانێکوك "سەرمایەداری خەلکی" و "دەولەتی خۆش بەختی گشتی" سەلماندووە."بەلگەی ئەساسی کونفرانسی نیو نەتەوەیی ئەحزابی کۆمۆنیست وکرێکاری ( ١٩٦٩) شێوەکانی ئیمپریالیزم ورێگای بەربەرەکانی لەگەل ئەو ئاوا هەلدەسەنگێنێ :

" بۆرژوازی پاوانخواز لە هەموو شوێنێك تێ دەکۆش

ئەم گۆمانە بلاو بکات کە گوایە هەموو داخوازیەکانی زەحمەتکێشان بەبێ ئال وگۆری شۆرشگێرانەی سیستەمی داسەپاو وەدی دێت. سەرمایەداری بەمەبەستی داپوشینی ناوەڕۆکی چەوسینەرانە ودەست درێژکارانەی خوی بیرو بۆ چوونەکانی بەروالەت دروست ولە ناوەڕۆك درۆ وەك "سەرمایە داری خەلکی" "دەولەتی خۆشی بەختی گشتی"، کومەلگای فراوانی" وهتد بلاو دەکات. بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کرێکاری ئەم

بۆ چوونە دوور لە راستیانە وە دە ر دەخات ودژی ئەوان خەباتی بێ وچان دەکات وبەم جۆرە قەیرانی ئایدولۆژیکی ئیمپریالیزم قوولتر دەکات. کۆمەلانی خەلك رۆژ بە دوای رۆژ زۆرتر لە ئایدولۆژی ئیمپریالیستی هەل دەگەرنەوە.

ویژدانی مرۆڤایەتی وفیکریەتی ئەو ناتوانی لە گەل درۆ دەلە سەکانی ئیمپریالیزم ئاشتی بکات. تاوانی دوو شەری جیهانی کە لەوان دا دەیان ملیون مرۆۆ کوژران، لە ئەستوی ئیمپریالیزمە . ئیمپریالیزم ماشینی

شەرەکەری بێ وێنەی دروست کردووە کە سەرچاوەکانی گەورەی ئینسانی ومادی لە خۆیدا ورد دەکات ، ئاگری شەرێکی ئەتوومی خۆش دەکات کە بەدەست پێ کردنی ئەو، سەدان ملیون مرۆڤ، ولاتانێکی زۆر بەتەواوی لە ناودەچن.

فاشیزم، رژێمی تیروری سیاسی و ئوردوگاکانی ئەمرگ، دەست کردی ئیمپریالیزمە . ئیمپریالیزم هەر جێگای کە بتوانی هێرش دەباتە سەر ماف و ئازادیەکانی دیمۆکراتیك، لیها تووی مرۆڤ لە ژێری پێ دا دە نێ، و رەگەزپەرەستی دەخولقێنی. ئیمپریالیزم بەرپرسی بێبەشی و دەرد و رەنجەکانی سەدان ملیون مرۆڤە، هۆکاری ئەسلی پەیدا بوونی م بارو دۆخەیە کەکۆمەلانی گەورەیکی لە خەلکی ولاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین مەجبوورر دەین لە هەل و مەرجی هەژاری، نەخۆشی، نەخوێندەواری، و پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی دەورانی کۆن بژین و

خەلکانێك بە تەواوی مەحکوم ببنە بەرەبەرە مردن و لە ناو چوون.رەوتی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی وا دەردەخێ کە ئیمپریالیزم لە گەلٚ بەرژەوەندی ژیانی زەحمەتکێشانی دەستی و فیکری، توێژەکانی کۆمەلایەتی جوراجور، نەتەوەکان و ولاتەکان دەکەوێتە دژایەتی.

کۆمەلانی زۆری خەلك وبزووتنەوەکانی کۆمەلایەتی دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکەن.بۆ کۆتایی هێنان بە کردەوە جنایەتکارانەکانی ئیمپریالیزم کە دەتوانی کوێرە وەریەکانی زۆر تر بەسەر مرۆڤایە تی بێنێ، دەبێ چینی کرێکار، هێزەکانی دیمۆکراتیك وشۆرشگێر، و کۆمەلانی خەلك، یەکگرتووبن وخەباتی هاوبەش بکەن.

راگرتنی دەست درێژکەران ورزگاری مرۆڤایەتی لە دەستی ئیمپریالیزم ئەرکێکە لە ئەستوی چینی کرێکار وهەموو هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی کە لە رێگای ئاشتی، دیمۆکراسی سەربەخۆیی میللی وسوسیالیزم خەبات دەکەن."

لە ناو چوونی شورشگێرانەی ئیمپریالیزم لە سەرانسەری جیهان هاوکات بە ئەنجام ناگات. هاو ئاست نەبوونی پەرەسەندنی ئابووری وسیاسی ولاتانی سەرمایەداری لە دەورانی ئیمپریالیزم دەبێتە هوی ئەوەی کە شۆرش لە ولاتانی جوراوجۆر لە کاتەکانی جۆراجۆر دەست پێ بکات. دیسان لینین بوو کە پەرەی بە تیئوری شۆرشی سوسیالیستی لە هەل و مەرجەکانی مێژوویی ئیمپریالیزم دا و ئوسولەکانی سەبارەت بە ئیمکانی سەرکەوتنی سوسیالیزم لە ولاتێك یان لە چەند ولاتی سەرمایە داری جیاواز دارشت.

شۆرشی مەزنی سوسیالیستی ئوکتوبەر وەك سەلماندنی بەکردەوەی ئەم تیئوریە بوو و رەوتی لە ناوچوونی سەرمایەداری پاوانخواز و دامەزرانی کۆمەلگای نوێی سوسیالیستی ماوەیەکی مێژوویی درێژ خایەن دەبات کە لەو مەودایە دوو سیستەمی هاوکات بوونیان هەیە. ئیستا گەورەترین دەولەتی ئیمپریالیستی جیهان ئیمپریالیزمی ئەمریکایە، ئەمریکا پێشکەوتووترین ولاتی سەنعەتی سەرمایە داری خاوەن نارێك ترین ئابووری نیزامی و ریسواترین وەزعی کۆمەلایەتی و سیاسیە.

ئیمپریالیزمی ئەمریکا زۆرتر لە هەموو ولاتانی سەرمایەداری دیکە، سامانی ولاتانی ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا تالان دەکات و بە سیاسەتی پیلانی کودیتا کردن، رێکەوتننامەکانی نیزامی، یارمەتی وقەرز، کێ بەرکێ چەك وچول دەست تێ وەردانی نیزامی، گانگستریزمی سیاسی وهتد تێ دەکۆشێ ولاتانیتر بباتە ژێر رەکیفی خۆی. ئیمپریالیزم ئەمریکا ئیستا گەورەترین چەوسینەری نیونەتەوە یی، پالپشتی سەرەکی دواکەوتوویی جیهانی و ژاندارمی نیونەتەوە ئیە.

کۆمەلانی خەلك رۆژ بە دوای رۆژ بە ئیرادەیکی قایمتر دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکەن. یەکیەتی وکردەوەی هاوبەشی هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی هاو چەرخ واتە بزووتنەوەکانی رزگاری دەری نەتەوەیی وبزووتنەوەی کرێکاری ولاتانی سەرمایەداری زامنی سەرکەوتنە لەم شەرەدا.

تازەترین راگەیاندراوەکانی رێکخراو لە سایتی ئینترنیتی وەر گرن :

www.fedayi.org

ناونیشانی پوستی ئلکترونیکی رێکخراو :

webmaster@fedayi.org

ناونیشانی پوستی ئلکترونیکی کۆمیتەی کوردستان :

kurdistan@fedayi.org

**بڕووخێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزری کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**